

**کۆڕی بەڕێز / هۆشیار زێباری**
**" کێشەی کورد لەدوای 11 ی سێبتمبەر "**

لە دونیاو لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا ، زۆر وێستگەی گرنگ هەن دەبنە خاڵی وەرچەرخان بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی ، یان سیاسەت ، یاخود هاوپەیمانێتی ، وەك بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە هیرۆشیماو ناکازاکی ، کە ئاکامەکەی وەستاندنی دووەمین جەنگی جیهان بوو ، پاش ئەو رووداوە ، جیهانێکی دیکە هاتە کایەوە ، رووخاندنی دیواری بەرلینیش هەمدیس خاڵێکە دیکە بوو کە دواتر شەڕی ساردیش بە نەمامی یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی هات و دیسان جیهانێکی دیکە هاتە کایەوە ، ئەمە جگە لە چەندین رووداو و شۆڕشی گەورەی دیکەی هاوشێوەی شۆڕشی فەرەنسی ، ئەمریکی ، مەگنە کارتەی بەریتانی ، کە زۆر بەهاو چەمك و بۆ چوونی تازەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا .

( 11 ) ی سێپتەمبەری ( 2001 ) یش یەکێك لەو رووداوە گرنگانەیە کە لەدوای خۆی جیهانێکی دیکەی جیاوازی خولقاند لەگەڵ جیانی پێشووتر ، ئێمەش دەبێ ئەو راستییە بزانین کە دونیا گۆڕاوەو ئێستا زۆر دەستەواژە بەکار دەهێنرێن کە لەسەر ئاستێکی بەرزی ئەکادیمی – زانستی کەهی بەر لە ( 11 ) ی ئەیلوول و دواترن ، ئەوەی لەو بەروارەدا روویدا ، رووداوێکی رێك و پێکی تۆقاندنی تیرۆری نێودەوڵەتی بوو لە دژی وڵاتێکی گەورەی وەکو ئەمریکا وبنکەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و شارستانی و ئابووری و مەڵبەندی هێزی جیهان ، ئەنجامدەرانی ئەو کارەش ، لەراستیدا دەیانزانی چیدەکەن ، ئەو هێرشانە زەرەرو زیانی زۆر گەورەیان لێکەوتەوەو کاریگەری ئابووریان هەبوو ، واتە هەڕەشەیەك بوو بۆ سەر چۆنییەتی ژیانی ئەم میللەتەی کە رۆژانە دەست بەکار دەبێت و بەفرۆکە گەشتوگوزار دەکات ، ئەو ئازادیەی کە بەناچاری دەبێ بپشکنرێت ، خەڵك ناچار بن پێڵاوەکانیان لە پێ بکەنەوەو فرۆکە خانەکانیش لەلایەن هێزی سەربازییەوە دەورە بدرێن ، ئەو دیاردانەش بێگومان بەر لەو بەراورە هیچ بوونێکیان نەبوو .

لەکاتی سەفەر دکردنیش ، رێوشوێنی زۆر توند دەگیرێتە بەر بەجۆرێك کە کاری کردۆتە سەر بارودۆخی خەڵك ، جگە لەمە رووداوەکانی ( 11 ) ی ئەیلوول کاریگەریی نێگەتیڤانەیان هەبوو بۆ سەر زۆربەی بوارەکانی دیکە وەکو وەبەرهێنان ، بازرگانی ، ئابووری و بەملیارەها دۆلاریش زەرەرو زیان بەر ئابووری ئەمریکا و جیهان کەوت ، لەکاتێکدا بەپێی بۆ چوونی شارەزاو تایبەتمەندان ، هەموو کردەوە تیرۆیەکە نیو ملیۆن دۆلاری تێنە چووە ، دیاردەیەکی دیکەش کە دەکرێ ئاماژەی پێبدەین

ئەوەیە کە ئەنجامدەرانی ئەو جۆرە کارانە ، لە پێناوی ئامانجێکی سیاسی دیاریکراودا کە خۆیان بڕوایان پێی هەیە ، ئامادەن خۆیان بەکوشت بدەن ، لەلایەکی دیکە چەند فڕۆکەیەکی مەدەنی وەکو مووشەك لە دژی ئامانجی مەدەنی بەکارهێنرا بە مەبەستی لەناوبردنی گەورەترین ژمارە لەخەڵك .

## تیرۆر و چەند بۆ چوونێکی جیاواز

تیرۆر ، دیاردەیەکی کۆنی جیهانییە و زۆر شێوەی جۆراو جۆریشی بەخۆیەوە بینیوە ، تا ئێستاش بۆ چوونی هەمە چەشن لە ئارادان سەبارەت بە پێناسەو دیارکردنی ئەو چەمکە ، بۆ نموونە خەباتی ڕەوای بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهان لە پێناو ڕزگار بوونە لە چەوساندنەوەو هەر لەو پێناوەشدا تێدەکۆشن .

گەلی کوردیش لە کوردستانی عێراق ، لەو پێناوەدا چەندەها ساڵ خەباتی کردووەو تێکۆشاوە ، ئەوەی تێبینش دەکرێت ئەوەیە کە بە درێژایی ئەو ماوەیە خەڵکی بێ تاوان نەکوژراوە، ئێمەش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی وا بوینەتەوە کە ئاخۆ دەکرێ پرۆرو تۆقاندن وەکو هۆکارێك بەکار بێت بۆ گەیشتن بەئامانج ، یان بە پێچەوانەوە زەرەرو زیانی زۆر تر دەبێت لە سوودو قازانج ، بارزانیی نەمریش هەمیشە لە دژی ئەو جۆرە ڕووداو و بارودۆخانە وەستاوە جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە نابێ خەڵکی بێ تاوان و سیڤیل دووچاری ئازاربێتەوە یان سزای بەکۆمەڵك لەسەر خەڵکانێك بدرێت کە خۆیان بەرپرسیارنین .

## جیهان و پێناسە کردنی تیرۆر

تا ئێستا ، ڕەنگە جیهان نەگەیشتبێتە دەست نیشانکردن و داڕشتنی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ تیرۆر و بە چەندین شێوە ڕاڤە کراوە ، پێناسەیەکیش کە هەموو خەڵك لە بارەیەوە کۆکە ئەوەیە کە تیرۆر بریتییە لەو کاروکردەوەیەی کە توندوتیژی تیادا بەکار دەهێنرێت ، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان خەڵك و گەیاندن و چەسپاندنی ترس و تۆقینێکی زۆر لە دڵی خەڵك ، بەبێ بوونی هیچ پاساوێکی ئەخلاقی و مرۆیی و یاسایی بۆیان ، واتە هەموو یاساو چین و توێژێکی حەڵاڵ دەکەن لە پێناوی ترساندنی خەڵك و گەیاندنی گەورەترین زەرەرو زیان بە مرۆڤ .

## ( 11 ) ی سێپتەمبەر وەرچەرخانێکی گەورە

ڕووداوەکانی ( 11 ) ی سێپتەمبەر ، سەرەڕای ئەوەی کە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە هەموو ڕوویێکەوە ، لە هەمان کاتیشدا وڵاتێکی گەورەو زلهێزی وەکو ئەمریکاکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دووچاری سەر لێشێواندن کردەوەو فڕۆکەخانەکانیش کە ڕۆژانە لە ڕێگەیانەوە ملیۆنەها کەس گەشتو گوزاریان دەکرد ، بۆ ماوەیەك دووچاری سڕبوون هاتنەو .

تەنانەت دەزگا تایبەتمەندەکانی وەکو ( CIA , FBI ) لەوکاتانەدا وەرگێڕی وایان نەبوو ئەو بەڵگەنامانە وەربگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی کە ئەو تیرۆریستانە لە دوای خۆیاندا جێیان هێشتبوو بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لە بارەیانەوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە دیاردەیەکی تازە دەژمێردرێت و پێویستی بە لێکۆڵینەوەو ڕوو بەڕوو بوونەوەیەکی هەمە لایەنانە هەیە ، ڕووبە ڕووبوونەوەیەکی ڕۆشنبیری و ژیاری و زانیاری ، بۆ ئەوەی چاو بە هەموو شێوازەکانی خۆیاندا

بخشێننەوە دەربارەی چۆنییەتی روو بەڕووبوونەوەی  ئەو دیاردەیە ، بەتایبەتی کە دوژمن نادیار بێت و رەنگ بێت لە هەر کاتێکدا دەربکوێ و سوودیش لە پێشکەوتن و تەکنەلۆژیا وەربگرێت ، ئەمەش شێوازێکی تازەیەو زیرەکانە بەکار دەهێنرێ .

## مەترسی لە ئاینده

دەرکەوت کە ئەنجامدەرانی هێرشەکانی ( 11 ) ی سێپتەمبەر بۆ ماوەیەکیزۆر لە ئەمریکا بوون و مەشقەکانی خۆشیان بەبێ ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لەوێ ئەنجام داوە ، بەگشتیش دوو لایەن بە ئینجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار کران :

- ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان کە خۆیان لە ڕێکخراوی قاعیدە دەبینییەوە .
- هەندێك لەو وڵاتانەی کە پشتگیری لە تیرور دەکەن و ئاسانکارییان بۆ دەکەن .
- لەلایەکی دیکە ، دەرکەوت کە هەندێك وڵات خەریکی دروست کردن و بەرهەم هێنانی چەکە کۆکوژەکانن و ترسی ئەوە هەیە رۆژێك لە رۆژان بکەونە دەست تیرۆریستان و ئەوانیش بەکاریان بهێنن .

عێراقیش ئێستا دووەمین خاڵی سەرەکییە کە رەنگە ئەو بۆ چوونەی لەسەر پەیڕەو ببێت ، جگە لەمەش هەندێك لێکدانەوەی دیکەش هەن دەڵێن : عێراق تەنها وڵاتێك نییە کە چەکی کۆکوژی هەبێت یان کۆبکردبێتەوە ، ئەمەشیان راستە ، بەڵام عێراق ئەو چەکانەی لە دژی کورد و ئێران بەکار هێناوە ، بۆیە دەبێت بەربەست چی بێ لە بەردەم ئەوەی کە لە دوا رۆژدا ئەو چەکانە بداتە دەستی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ، کەواتە خاڵێکی دیکە بۆ جیهان روون بووەوە ، بریتییە لەوەی کە لەگەڵ ئەو هێزو توانا هەواڵگرییەی هەیە ، بەڵام وەکو پێویست زانیاری لەسەر ئەو پێکهاتە تیرۆریستییە کۆنەکراوەتەوە ، هەروەها دەرکەوت کە زۆر وڵات لە ڕێگەی بەرنامەو پرۆگرامی ئایینی و فێرکاری و رۆشنبیرییەوە یارمەتی ئەو گرووپانەیان داوە ، ئێستاش زیاتر باس لە عەرەبستانی سعودیە دەکرێت کە هاوپەیمانی ئەمریکایە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی روون بووەوە کە ( 15 ) کەس لە کۆی ( 19 ) رفێنەرانی فڕۆکەکان سعودین .

## ستراتیژیەتێکی تازە

پاش رووداوەکانی ( 11 ) ی سێپتەمبەر ، چەندین بنەمای دیکە هاتنە ئارا ، یەکێك لەو بنەمایانەی کە ئێستا مایەی قسەو باسە ، هێرش بردنی خۆپاراستنە ، بەو پێیەش نابێت ئەوان چاوەڕێی تیرۆریستان بکەن کە جارێکی دیکە خۆیان ڕێك بخەنەوەو لە هێرشێکی دیکەدا ژمارەیەکی زیاتری خەڵك بکوژن ، بەڵکو هەوڵ دەدرێت هەموو جۆرە هەڕەشەیەکی لەو بابەتە نەهێڵرێت و بنبڕبکرێت ، ئەمەش بنەمایەکی تازەیە لە پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکاندا کە سەرۆکی ئەمریکا هێناویەتە پێش .

خەڵکی ناوچەی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی و بە چاوێکی کەمیشەوە سەیری ئەو رووداوانەیان دەکرد وەك ئەوەی کە هیچ نەقەومابێ و کەسێکیش نەکوژرابێ و تەنانەت چەند کەسێکی کەم عەقڵ و نا بەرپرسیار ئەو کارەیان ئەنجام داوە ، لە راستیشدا بە تەواوەتی لەو بابەتەیان نەکۆڵیوەتەوەو تەنانەت گاڵتەش بە کاردانەوەی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەکەن .

## یەک دەنگییەکی فراوان

مەسەلەی نەهێشتن وبنبڕ کردنی تیرۆر ، بۆتە جەنگێگی نێو دەوڵەتی جیهانی ، بەو پیچیەش کە تیرۆر بووە بەدیاردەیەکی جیهانی و خۆ پاراستنیش هیچ سنوورێکی نیەو نازانێت ، بۆیە لەو پێناوەدا جیهان یەك دەنگی و هاوپەیمانێتیەکی فراوانی بەخۆیەوە دیت ، تەنانەت ئەو وڵاتانەش بەشدار بوون تیایدا کە ناکۆك و ململانێی ئەمریکایان دەکرد .

## شاردنەوەی راستیەکان

بەو پێیەی کە دیاردەی تیرۆر هیچ لایەك ناپارێزێت ، بۆیە ئێمەی کوردیش لە ژێر ئەو هەڕەشەیە داین ، چونکە ئەو خەڵکانەی کە ئەو جۆرە شێوازانە دەگرنە بەر لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان ، ئاشکرایە کە چیان مەبەستە .

ئەوان بۆ چوونەکانی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا دەسەپێنن و راستییەکان دەشارنەوەو مۆنۆپۆڵی دەکەن ، لەو باوەڕەدان کە تەنها ئەوان راستن و خەڵکی دیکەش بە هەموو بۆچوون و توێژەکانەوە بە هەڵەدا چوون و تاوانبارن .

لەلایەکی دیکەش ، زۆربەی ئەنجامدەرانی ئەو هێرشانە ، بەشێوەیەك لە شێوەکان ، هاووڵاتی عەرەبن و کەسی بێگانەیان لەگەڵ نەبووە ، بۆیە ئەو کاردانەوەیەی کە لەناو ئەمریکا لە دژی رێکخراوە توندڕەوەکان و ئەو وڵاتانەش کە یارمەتیان داون دروست بووە ، زۆربەیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و بە پلەی سەرەکی وەکو سەرچاوەی توندو تیژی و تیرۆر دەستنیشان کراون .

لەو کاتانەشدا خەڵکانێك ئاگریان خۆش کردووە ، وەك چۆن باسیشی لێوە دەکەن ، لۆبی جولەکە یەکێك بووە لەوانەو کاروچالاکی زۆریشی ئەنجام داوە ، فەلەستینیەکانیش لە کاتی روودانی هێرشەکانی ( 11 ) ی سێپتێمبەر ، لە باردودۆخەکە نەگەیشتن شیرینیان دابەش کردو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی .

## شەڕی دژ بە تیرۆرو دۆزی کورد

بەگشتی ، شەڕی دژ بە تیرۆر ، کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئێمەو کێشەی میللەتەکەمان ، چونکە راستە ئەو شەڕە لە دژی تیرۆرە ، بەڵام لە هەمان کاتدا دژی دکتاتۆریەت و زوڵم و زۆری و ئەو وڵاتانەشە کە لە ژێر ناوی سەروەریی هەموو شتێك ئەنجام دەدەن ، بەو پێیەش کە کێشەکەمان کێشەیەکی رەوایە ، بۆیە ( بەڕای من ) هەر گۆڕانێکی دیموکراتی لە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا دەبێت و ئێمەش دەتوانین سوودی لێ ببینین .

## خۆپاراستن لە تیرۆر

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دوای هێرشەکانی ( 11 ) ی سێپتەمبەر ، هەوڵیداوە کە بە زۆر شێواز خۆی لە تیرۆر بپارێزێ ئەو شەڕەی کە لە ئەفغانستان کرا یەکێکە لەو نموونانە ، ئەو شەڕەی کە زۆر لە شارەزاو پسپۆران بە کارێکی زەحمەتیان لە قەڵەم داو رایانگەیاند کە رەنگ نیە تیایدا سەر بکەون و بتوانن ئەو رێکخراوانە لە ناو ببەن ، بەڵام سووربوونی سەرکردایەتی ئەمریکاو

هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بووە هۆی رووخاندنی قاعیدەو تالیبان سەرەڕای ئەوەش کە هێشتا مەترسییەکە ماوەو سەرکردەکانی ئەو دوو رێکخراوە دەستگیر نەکراون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی دژ بە تیرۆر بەردەمەو دریچژخایەنیش دەبێت .

## کوردو ( 11 ) ی سیپتەمبەر

به له هەموو شتێك ، ئاشکرایە کە ئێمە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانمان ، خەباتێکی رەوامان کردووەو بە هیچ شێوەیەکیش هەوڵی ئەوەمان نەداوە کە پەنا بۆ کاری تیرۆریستی ببەین ، بەڵکو بە دەستی تیرۆرەوە نالاندوومانەو دەناڵێنین ، ئەو سۆزداریەش کە گەلی کورد پێشانیدا بەرامبەر بەو رووداوانە ،خۆی لە خۆیدا مەزنترین هەڵوێست بوو نەوەك هەر لە ئاستی میللی ، بەڵکو لەسەر ئاستی پەرلەمان و فەرمی و حکومیش . خەڵکیش هەر لە سەرەتاوە ، هێرشەکان و کوژرانی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکیان بە شتیچکی نا بەجێ زانیێ .

گەلی کورد بە دەستی چەکی کیمیاییو ئەنفال و تیرۆرو تۆقاندنی بە کۆمەڵەوە ناڵاندوویەتی ، بۆیە خەبات کردن لە پێناوی نەهێشتنی ئەو دیاردانەو ئەو بۆچوونانەش کە لەو بارەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە لە ئارادان ، گونجاون لەگەڵ بۆ چوون و بەرژەوەندیەکانماندا .

## پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو

رەوشی گەلی کورد ، ئەمرۆ لەبارو بەهێزەو ( بەرای من ) ، مەسەلەی ئاشتی لە کوردستان ، مەسەلەیەکی زۆر سەرەکیی و گرنگە ، ئەمرۆش کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوانە لە نێوان سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیدا بەستراو راگەیاندنێك دەرچوو و بڕیارە لە رۆژی ( 4 / 10 ) ئەنجومەنی یەکگرتوو ( پەرلەمان ) کۆببێتەوەو رۆڵی خۆی ببینێت وەکو مینبەرێکی شەرعی ئەم میللەتە .

ئێمە ئەمرۆ پێویستمان بە پلاتفۆرمێك هەیە کە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات و داواکاریەکانی میللەتەکەمان بخاتە روو .

## رەوشێکی ناسك و دەرفەتێکی گەورە

لە رووی هەرێمی و نێودەوڵەتیشەوە ، دۆزی کورد پێشفە چوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ ، ئێمەی کورد لەسەر خاکی خۆمان دەژین و خاوەنی دامودەزگاو ئیدارەو حکومەتین ، بۆیە لە ئەگەری هاتنە کایەی هەر گۆڕانکاریەکدا ، بەشێك بە ئێمەش دەبڕێ ، لەو پێناوەشدا دەبێ هەوڵ بدەین کە بە دووربین لە هەموو هەڵەو موغامەرەیەك ، چونکە رەوشی ئێمە ناسکە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکی زۆر گەورەو زێڕینمان لە بەردەمدایە و دەکرێ سوودی لێ ببینین و خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین ، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو رەوشە نێودەوڵەتیە تازەیەی کە لە ئارادایە .

بەروار : 7 / 9 / 2002